## چۆن یارمەتی منداڵەکەم بدەم لە هەڵبژاردنی هاوڕێکانیدا؟ ... وەرگێرانی: دلشاد محمەد

گومانی تێدا نییە کە هاوڕێ کاریگەری هەیە بۆ سەر ڕەفتاری منداڵ، لە ئەنجامی ئەو کارلێکەشدا کۆمەڵێک ئاکاری باش یان خراپ بەپێی جۆری ئاکاری هاوڕێکانی لای منداڵەکە بەرجەستە دەبێت.
منداڵ لەمەڕ ئەو کێشانەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە جۆراوجۆرن، هەر لە هەڵبژاردنی هاوڕێ و چۆنێتیی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە لە گەڵیانداو.. هتد، ئەرکی سەرشانی دایکانی بەڕێزە کە بزانن چۆن و چی دەکەن تا هاودەم و هاوڕێی منداڵەکەیان بکەنە خشتێکی تۆکمەو لە بینای پەروەردەیی منداڵەکەیاندا.
ڕەچاوکردنی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە یارمەتیدەری باشن بۆ دایکان تا بتوانن هاوڕێی باش بۆ منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن:

1- واز لە منداڵەکەت بێنە بۆ خۆی هاوڕێکانی هەڵبژێرێت، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئارامی دەروونی و متمانە بەخۆبوونی منداڵەکە.
1. هەرکاتێکیش هاوڕێیەکی هەڵبژارد تۆ لێی ڕازی نەبوویت، هەوڵبدە ئەو کارانەی کە بەلاتەوە نادروستە لە هاوڕێکەیدا بیگۆڕیت، ئەویش بە بانگکردنی بۆ ماڵەوەو بەسۆزوبوون لەگەڵیداو هەڵسوکەوتکردن بەوشێوە ڕەفتارو ئاکارانەی کە دەتەوێت تیایدا بەرجەستە ببێت.
2- گەر منداڵەکەت لە هەڵبژاردنی هاوڕێدا تووشی ئاستەنگ بوو، پێویستە لەسەرت کە درەفەتەکانی هەڵبژاردنی هاوڕێی لە بەردەمدا یەکاڵاو فراوانتر بکات، جا چ لە مزگەوت بێت یان لە قوتابخانە یان لەناو منداڵانی دراوسێدا.
3- ماڵەکەت وا لێبکە کە هاوڕێکانی منداڵەکەت حەز بە سەردانی بکەن، ئەویش بەڕێزگرتنیان و پێشوازی لێکردنیان و ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆیان تا بە ئارامی کات بەسەر بەرن و یاری بکەن، سەر نەخستنە سەریان و زۆر ئامۆژگاری نەکردنیان، بەڵکو کاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئامۆژگاری کردنیان.
4- گەر ڕەفتاری سلبی (نێگەتیف) ی هاوڕێیەکی منداڵەکەت کاریگەری هەبوو بۆ سەر ئاکاری منداڵەکەت، هەوڵبدە کە وردە وردە پلە بە پلە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هاوڕێ یەیدا کەم بکاتەوە تا وای لێدێت، یان هاوڕێیەکی تر هەڵدەبژێرێت، هەوڵیش بدە کاریگەری باشت هەبێت لەسەر منداڵەکەت بە خۆنزیک کردنەوەی لێی و گوێ لێگرتنی و قەرەبوو کردنەوەی ئەو شتە سەرنج ڕاکێشانەی کە لای هاوڕێکەی بەدیکردووە.
5- سووربە لەسەر ئەوەی هاوڕێیەکی باش بیت بۆ منداڵەکەت، چونکە تۆ خۆشت دەوێت و ڕێزی لێدەگریت و متمانەت پێی هەیە.
6- هەرکات منداڵەکەت سووربوو لەسەر هاوەڵایەتی کردنی کەسانێک کە تۆ لێیان ڕازی نیت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی کەموکورتی پەیوەندیت لەگەڵیدا، ئەمەش وای لێ دەکات پێچەوانەی ویستی تۆ ڕەفتار بکات، یاخود زۆر ڕەخنەی لێ دەگریت و وای لێ دەکەن کە هەست بە بێ متمانەیی بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی هەوڵدانی بۆ تۆڵە سەندنەوە لێت بەهاوڕێیەتی کردنی ئەو کەسانەی تۆ بەلاتەوە پەسەند نین..
7- زۆرجار منداڵ کەسانێک دەکاتە هاوڕێی خۆی کە لە تەبیعەت و ڕەفتارو گرنگی پێدانەکانیاندا هاوشێوەبن، بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکەت حەزی لە وەرزش بێت، هەوڵ دەدات لەگەڵ کەسانێکدا

هاوڕێیەتی بکات کە خولیای وەرزشیان هەبێت.. هتد، بۆیە پێویستە تۆی دایک لەگەڵیدا قسە بکەیت و لە حەزوو ئارەزووەکانی ئاگادار بیت و تێڕوانینی سەبارەت بە هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاودەم بزانیت، خۆ ئەگەر هەڵبژاردنەکەت بەدڵ نەبوون ئەوا بە هێمنانەو گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵیدا بدوێ تا ڕاکەی دەگۆڕیت.

8- هەرکات منداڵەکەت لەگەڵ هاوڕێیەکیدا شەڕو هەراو ناکۆکییەکیان بوو، لایەنگری منداڵەکەت مەکە دژ بە هاوڕێکەی، لۆمەو سەرزەنشتی مەکەن، بەڵکو گوێی لێبگرەو هەستی ڕابگرەو یارمەتی بدە تا گرفت و کێشەکانی چارەسەر بکات.

9- لە زۆرو کەمی هاوڕێ بۆ منداڵەکەت نیگەران مەبە، چونکە منداڵن سروشتیان جیاوازە، هەندێکیان تەنها هاوڕێیەک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، هەندێکی تر چەند هاوڕێیەکیان پێ پەسەندە، هەشیانە پێیان خۆشە بە تەنها بن و هاوڕێیان نەبێت، جا هەڵبژاردەی منداڵەکە قبوڵ بکەو ڕێزی لێبگرە.

10-دڵنیابە لەوەی منداڵەکەت لە هەڵبژاردنی هاوڕێکانیدا چاو لە تۆ دەکات، جا تۆش هەوڵبدەن پێشەنگێکی باش بیت بۆی و هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانێک مەکە، جۆرە ئاکارو ڕەفتارێکی نادروستیان هەبێت کە بۆ هاوڕێکانی منالەکەت بە پەسەندی نازانیت و پێت قبوڵ نییە، تاوەکو منداڵەکەشت هاوڕێیەتی کەسانی خراپ نەکات و هاوڕێ و هاودەمی باش و بەسوود بۆ خۆی هەڵبژێرێت..